بەشێک لە کتێبی:

# "ماتریالیزم"



تێری ئیگلتۆن

و. وەلید عومەر

ماتریاڵیزم، شێوە و ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە. ماتریاڵیزمی ڕەقوتەق[1]مان هەیە، و ماتریاڵیزمی نەرمونیان[2]یش. بەدەر لە دەسکورتییە فیکرییەکانی خودی خۆم، مادام بابەتەکەش هەندێ دیوی ترسناکی هەیە، ئیدی تەنیا بەشێک لە ڕەوتەکانی فیکری ماتریالیستی مەرام و مەبەستی ئەم کتێبەیە. من زۆر خولیام بۆ پرسە زۆر پسپۆڕییەکانی وەک یەکتاپەرستی، دووتاپەرستی، ماتریاڵیزمی فرێدەر (eliminativism)، یان کێشە گشتییەکەی زەین/جەستە نیە، بەڵکو خولیام بۆ ئەو فۆرمانەی ماتریالیزم هەیە کە بە مانای بەرفراوانی وشەکە کۆمەڵایەتی یان سیاسیین و زۆرجاریش دەمارناسان شتێکی ئەوتۆی سەرنجڕاکێشیان پێ نیە لەبارەیەوە بیڵێن.

گەر تۆ لەو جۆرە ماتریالیستانەیت کە پێیانوایە هەلومەرجە مادییەکان لە کاروباری مرۆییدا دەکەونە پێش هەموو شتێکەوە، ئەوا ڕەنگە بتەوێت بەو هیوایەوە ئەم هەلومەرجە بگۆڕیت کە بیر و کردەوەی مرۆڤەکان ئاواهی بگۆڕیت. گەر ماتریالیزمەکەتان حەتمیگەرا[3] بێت، واتە بڕوابوون بەوەی هەلومەرجی ژیانی ژنان و پیاوان(ئادەمیزاد) بەتەواوی کردار و گوفتاری وان دیاریدەکات، سیمایەکی مژدەبەخشی هەیە. تەنیا کێشەکە ئەوەیە گەر دانەبەدانەی مرۆڤەکان ملکەچی ڕەهای ژینگەی چواردەوریان بن، ئەوا ئەودەم دەبێت شتەکە دەرهەق بە خۆیشتان ڕاست دەرچێت، کە لەو حاڵەتەدا چۆن دەتوانیت بارودۆخی ژیانی خۆتان بگۆڕن گەر خۆیشتان بەرهەمی ئەم دۆخە بن؟ بە هەموو ئەم دوودڵییە

[1] hard-nosed
[2] soft-bellied
[3] deterministic

سەرێشەسازانەشەوە، ماتریالیزم تا ئێستا بەشێوەیەکی تەقلیدی هاوەڵی ڕادیکاڵیزمی سیاسی بووە. ماتریالیستە ئەزموونگەرەکانی وەک دەیڤید هارتلی و جۆزێف پریستلی، بیرمەندە ئینگلیزەکانی سەدەی هەژدەیەم، لەو باوەڕەدا بوون زەین لە جێکەوت و ئینتیباعی هەستەکی درووستبووە، ئینتیباعە هەستەکییەکان لە ژینگەی تاکەکەسەوە سەرچاوەیانگرتووە، و گەر بتوانرێت ژینگەکە بەجۆرێک بنیاتبنرێتەوە کە چەشنێکی "درووست" لە داتای هەستەکی بەرهەمبێنێت ئەوا دەکرێت لەبنەوەڕا گۆڕان بەسەر ڕەفتاری مرۆڤدا بهێنرێت ڕووەو باشتر. لەڕووی سیاسییەوە، ئەمە پرۆژەیەکی پێشکەوتووی بێتەمومژ نەبوو. وەکچۆن دواتر مارکسیش ئاماژەی پێدا، گۆڕانی ناوبراو بەگشتی چووە خزمەتی پێویستی و بەرژەوەندییەکانی فەرمانڕەوایانەوە. ئەو زۆر زوو درکی بە سیاسەتی نوستووی ناو ئەم تیۆری زانین(ئەپستمۆلۆژیا)ـە کرد.

پەیوەندییەک لەنێوان ڕادیکاڵیزم و ماتریاڵیزمدا هەیە لەناو هەندێ ڕەوتی فیکری چەپدا لە ئینگلتەرا لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا، و هەروا بێتەوە لە بەرهەمەکانی بارۆخ سپێنۆزا و ***فیلۆسۆفەکانی*** سەردەمی ڕۆشنگەری‌یش لە فەڕەنسا. ئەمە میراتێکە دەگاتە کن مارکس و ئەنگڵس، و لە سەردەمی خۆیشماندا لە بەرهەمەکانی هەندێ تیۆریستی جیابیرکەرەوەی وەک ژیل دۆلۆزدا دەردەکەوێت(داروین و نیچە و فرۆیدیش ماتریالیستی ڕادیکاڵن، بەڵام بە بیرمەندێکی چەپی پەڕگیر دانانرێن). گەرچی وشەی "ماتریاڵیزم" لە سەدەی هەژدەیەم داهێنرا، کەچی ڕێبازی ماتریاڵیزم ڕێبازێکی دێرینە، و یەکێک لە لایەنگرە بەراییەکانی، ئەپیکۆری فەیلەسوفی یۆنانی، بابەتی دکتۆراکەی مارکس

بوو. مارکس ستایشی جۆشوخرۆشی ئەپیکۆری دەکرد بۆ عەدالەت و ئازادی، هەروەها بێزهاتنەوەی وی لە کەڵەکەکردنی سامان، و دیدی پێشکەوتنخوازانەشی بۆ ژنان و جدییەتەکەشی دەرهەق بە سرووشتی شەهوانیی مرۆڤ؛ هەموو ئەمانەشی دەبەستەوە بە ڕوانینە فەلسەفییەکانی ئەوەوە. ماتریاڵیزم لای ئەپیکۆر، و لە سەردەمی ڕۆشنگەریشدا، بە مانای ئازادبوون دەهات لە کاروکاسپیی پیاوانی ڕۆحانی و جادوو و خورافات.

مادە(matter) لە دیدی ئیسحاق نیوتن و هاوکارانیەوە، شتێکی دڕ و کرچ و مەنگ بوو(نیوتن خۆی پێیدەوت "دەبەنگ") و دەبوو لەلایەن هێزی دەرەکیی ویستی خواوەندەوە بجووڵێنرێت. ئەم خاڵە پەیوەندیی بە جەستەی مرۆڤەوە هەیە. ئەوان سەیری جەستە دەکەن و وەک لاشەیەک[4] دەیبینن کەوا هەستدەکەن دەبێت قەوارەیەکی خێوئامێز و ڕۆحئاسای بۆ زیادبکەن تا جەستە بکەوێتەگەڕ. جەستەی ناقۆڵا و نەبزوو، ناتوانێت خۆی ببزوێنێت. بەم مانایە، ڕۆح و زەینە بێجەستەکان لەو هەوڵانەن بۆ قەرەبووکردنەوەی کرچوکاڵییەکانی ماتریاڵیزمی میکانیکی. کەوایە گەر نیگایەکی کەمتر میکانیکیمان بۆ مادە هەبێت، ئەوا ئەم زەین و ڕۆحانە وەک شتانێکی زیادە دەردەکەون. گەر ڕۆح و **سرووشت** ڕووبەری لێکجیا بن، ئەوا ڕۆح ئازادە لەوەی کاریگەری یان دزەبکاتە ناو سرووشتەوە. بەپێی ڕوانگە نیوتنییەکە، هێزە ڕۆحانییەکان لەسەرەوەڕا حوکمی سرووشت دەکەن، هەروەکو پاشاکان و ستەمکاران کە حوکمی مەملەکەتەکانی ژێردەستی خۆیان دەکەن.

[4] Corpse

بەپێچەوانەوە، لای سپینۆزا کە ڕەچەڵەکە ڕادیکاڵەکەی ماتریاڵیزم دەگاتە لای ئەو، پێویست بە ئۆتۆریتەی خاوەنشکۆ و شتی لەم جۆرە ناکات. مادە خۆی زیندووە، نەک هەر زیندوو بەڵکو چارەنووسی خۆیشی دیاریدەکات؛ پتر لە کۆمەڵانی خەڵک دەچێت لە مەملەکەتێکی دیموکراتدا. پێویستناکات دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوا هەبێت بۆ ئەوەی خەڵکەکە لێبخورێت و بیانبزوێنێت. وێڕای ئەوەش، بۆ ئەوەی نەچینە ژێر باری قەڵەمڕەوێکی جودای تایبەت بە ڕۆحەکانەوە، ئەوا دەبێت دونیای مادی و خۆشگوزەرانیی مادیی پیاوانوژنانی ئەم دونیایە بەمکوڕبوونەوە بە هەند وەرگرین. ئەمەش بەو واتایە دێت کە نابێت هیچ شتێکی ئاسمانی هۆشمان لەسەر ڕێکخستنی دونیایەکی پڕ هەژاری و بێدادی لاببات. لە زیمندا، واتە ئیمکانی خستنەژێر پرسیاری هەر جۆرە مەرجەعێکی ڕۆحی، چونکە گەر ڕۆح لە هەموو جێیەک بێت، ئەوا ڕۆحانیەت چیدی ناتوانێت پاوانکردنەکەی بخاتە بندەستی خۆی. ئالێرەوەیە کە دەتوانین باسی ***سیاسەتێکی تایبەت بە مادە*** بکەین.

بەم مانایە، ماتریالیستیبوون، واتە مرۆڤەکان بە بەشێک لەو جیهانە مادییە بزانین کە کتومت قادری باڵانشینە و بەم شێوەیە پلەیەک لە شکۆیان پێببەخشین. لانیکەم ڕوانگە پەرشەخودا و پانتەیستی[5]یەکەی سپینۆزا ئاواهی بوو. بەم جۆرە، ماتریالیزم و هیومانیزم دەبنە هاوڕێ و هاونوێنی یەکدی. بەڵام دەکرێت بەم شێوەیە بسرەوێنیتە بن گوێی ئەو هیومانیستە موحافیزکارانەی وا درزێکی پڕنەبووەوەیان لەنێوان توخمی مرۆڤ و باقیی **سرووشت**دا دادەنا. دەتوانین

[5] Pantheistic

کۆڵەکەکانی ئەم خانەدانییە فەلسەفییە بەهۆی ئاماژەوە بۆ پێگەی یەکسانی مرۆڤ لەگەڵ باقیی دونیای مادی و گیانەوەرانی تریشدا داڕووخێنین. مرۆڤ نەک هەر سەرگەورەی مەخلوقات نیە، بەڵکو بەشێکە لە ژیانی هاوبەشی تەک مەخلوقات(و جڤاتەکەی). گۆشت و پێست و ماسولکەکانی ئێمە، لەو مادەیە هەڵشێلراوە وا شەپۆلان دەبزوێنێت و کێڵگەی گەنمەشامی دێنێتەبەر. فریدریش ئەنگڵس، لە کتێبی ***دیالەکتیکی سرووشت***دا دەنوسێت:

**ئێمە بە هیچ شێوەیەک فەرمانڕەوایی سرووشت ناکەین هەروەکو داگیرکەرێک کە فەرمانڕەوای خەڵکێکی بیانییە، وەک کەسێک کە لە دەرەوەی سرووشتەوە وەستاوە. ئێمە بە گۆشت و خوێن و مێشکمانەوە بەستراوینەتەوە بە سرووشتەوە...و لە هەناوی سرووشتدا هەڵکەوتووین...تاکە باڵادەستیی ئێمە بەسەر سرووشتدا بریتییە لە ئیمتیازەکەمان بەسەر بوونەوەرانی تردا لەڕووی توانای ناسینی سرووشت و خستنەگەڕی ڕاستودرووستی یاساکانەوە.**

لە ڕابردوویەکی زۆر دووریش نا، داروین ڕەگ‌وڕەچەڵەکە ترۆهاتەکەی هەڵدابووەوە و لەجیاتیی ئەو تێگەیشتنەی کە مرۆڤی بە سەرگەورەی مەخلوقات دەزانی، تۆڕێکی بێ‌بریقوباقی لە پرۆسەی ماتریاڵی خستبووەڕوو.

بۆیە ماتریاڵیزم سەرەڕای دیوە سیاسییەکەی، دیوێکی ئەخلاقییشی هەیە. ماتریاڵیزم، لەهەمبەر هیومانیزمی لەخۆڕازی‌دا، جەخت لەسەر هاوپشتیی ئێمە دەکاتەوە بۆ شتە سادەوساوەکانی ئەم دونیایە و بەم جۆرەش فەزیلەتی خاکەڕایی

دەچێنێت. ماتریاڵیزم، بێزار لەم خەیاڵاتە کرچوکاڵەی کە چارەنووسی مرۆڤەکان بە دەستی خۆیان دیاریکراوە، پاشکۆیەتییەکەمان بیردەخاتەوە بە چواردەورەکەمان و ئەوانیترەوە. زیگمۆند فرۆید دەنوسێت: «تیامانی سەرەتایی مرۆڤەکان، سەرچاوەی هەموو ئەنگێزە ئەخلاقییەکانە(مۆراڵی)». ئەوەی دەمانکاتە بوونەوەری ئەخلاقی، ئۆتۆنۆمییەکەمان نیە، بەڵکو زیان‌دیدەیی و هەستیاربوونەکەمانە؛ داخرانمان نیە بەسەر خۆماندا بەڵکو کرانەوەکەمانە [بەسەر ناکۆتا ئەگەری سەیر و دڕندانەدا]. سباستیانۆ تیمپانارۆ، فەیلەسوفی مارکسیی ئیتالی، وەک وەفایەک دەرهەق بەم ڕۆحە ماتریالیستییە دەنوسێت کە چۆن:

**ئەنجامی لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوەمان پیشاندەدەن مرۆڤ پێگەیەکی پەراوێزیی لە گەردووندا هەیە. سەردەمانێکی دوورودرێژیش ژیان لەسەر گۆی زەوی نەڕسکابوو و سەرهەڵدانی ژیانیش بەستراوەتەوە بە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتەوە. بیرکردنەوەی مرۆڤیش گرێدراوە بە کۆمەڵێک بونیادی دیاریکراوی توێکارییانە(ئەناتۆمی) و فیسۆلۆژییەوە. ئەم بونیادانەش جاروبار تووشی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی نەخۆشخەر دەبن کە بیرکردنەوە لەکاردەخەن...**

ماتریاڵیزمێکی لەم جۆرە، ڕیالیزم گۆشدەکات نەک نیهیلیزم. وەکچۆن لە هونەری تراژیدی‌دا گەر بمانەوێت دەسکەوتەکانمان تۆکمە و قایم بمێننەوە، ئەوا دەبێت دان بە لاوازی و مرۆکی و کۆتاداریی خۆماندا بنێین. هەڵبەت ئەم جۆرە ماتریاڵیزمە، هەندێک خێروبێری تریشی هەیە. بیرکردنەوەی ماتریالیستی،

سەرەڕای سەرکێشی و نافەرمانیی مادە، کەچی هەر برەو بە ڕێزگرتن دەدات لە ئەویترێتی و کۆیەتیی جیهان؛ ئەمەش بەپێچەوانەی خودئەڤینیی پۆستمۆدێرنەوە کە جگە لە ڕەنگدانەوەکانی کەلتوری مرۆیی هیچی تر بەدیناکات. ماتریاڵیزم، گومانی لەو حوکمە پێشوەختەی پۆستمۆدێرنەش هەیە کە واقیع وەک مۆمێک وایە لەناو دەستماندا کە ئیرادەی دەسەڵاتخوازانەی مرۆڤ کێشیدێنێتەوە، دەیکوتێت، دەیپڵیشێنێتەوە و دەیڕێژێتە نێو قاڵبێکی نوێ. ئەمەیە نوسخەیەکی سەرمایەداریی دوایین بۆ بێزاریی گنۆسییە کۆنەکان لە مادە.

مارکسییەکانی وەک تێمپانارۆ، لە زیمندا لایەنگری ئەو ڕەوتە باوەن کە بە ماتریاڵیزمی مێژوویی ناودەبرێت(و دواتر زیاتریان لەبارەوە دەڵێین). هەندێکیشیان(کە ئەمڕۆ تادێت کەمتر و کەمتردەبنەوە)، داکۆکی لە ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی دەکەن، یان ئەو شتەی وا جاروبار بەشێوەیەکی سادەوساکار پێیدەوترێت فەلسەفەی مارکسی. ماتریاڵیزمی مێژوویی، وەک لە زاراوەکەشەوە دەردەکەوێت، تیۆرێکە دەربارەی مێژوو، لەکاتێکدا ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی(کە **دیالەکتیکی سرووشت**ەکەی ئەنگڵس بنیاتنەرێنی) دیدێکی گەلێک بەرزەفڕانەتری دەرهەق بە واقیع هەیە. لە ئاستی تیۆرییدا، بە کەمتر لە ئاسۆی گەردوون خۆی ڕازینابێت، و بێگومان ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە بۆچی ئەم ڕەوتە لە سەردەمی پراگماتیکیی خۆماندا باوی نەماوە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، جیهان لە مێروولەکانەوە بگرە تا دەگاتە نەیزەکەکان لێکدراوێکی دینامیکییە لە هێزی پێکداچوو کە دیاردەکان هەموو پەیوەستن بەیەکترەوە و هیچ شتێک وەک خۆی نامێنێتەوە، چەندێتی وەردەگەڕێت بۆ چۆنیەتی، هیچ ڕاگر و پشتگرێکی ڕەهامان

بەدەستەوە نیە، هەرچی وەردەگریت لە گۆڕاندایە بۆ جەمسەرە پێچەوانەکەی خۆی و واقیع لەڕێگەی یەکێتیی هێزە دژەکانەوە درووستدەبێت. ئەوانەی نکۆڵی لەم دید و دۆکترینە دەکەن، بەوە تۆمەتباردەکرێن هێشتاش هەر یەخسیری میتافیزیکن و بەهەڵە پێیانوایە دیاردەکان جێگیر و ئۆتۆنۆم و لێکجودان، واقیع هیچ هەڤدژییەکی تیا نیە و هەر شتێک خۆیەتی نەک ئەوەی شتێکی تر بێت.

ئەم بانگەشەیەی کە هەرشتێک لەپەیوەندی‌دایە بە شتەکانی ترەوە، زۆر ڕوون نیە. پێناچێت خاڵی هاوبەش لەنێوان پێنتاگۆن و بەرزبوونەوەی کتوپڕی غیرەی سێکسییدا هەبێت، جگە لەوەی هیچکامیان سواری پاسکیل نابن. هەندێک لەو یاسایانەی وا ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی، بە شتێکی وەگەڕکەوتوویان دادەنێت لە دونیادا، جیاکاریی نێوان سرووشت و کەلتور دەبڕن؛ هەروەها ماتریالیزمی دیالەکتیکی بەترس‌ولەرزەوە لە پۆزەتیڤیزمی بۆرژوازی نزیکدەبێتەوە کە مارکسیزم ڕەتیدەکاتەوە. یەکێک لە ناسیاوەکانم کە کرێکارکی مارکسییە، بە سەرکەوتنەوە ڕایدەگەیاند: «کترییەکان دێنەکوڵ، سەگەکان کلکەلەقێ دەکەن، **چین**ەکانیش ململانێدەکەن». بەڵام زۆر مارکسییش هەن کە ماتریالیزمی دیالەکتیکی بەلایانەوە یان ئایدیاڵیزمێکە لە کەوڵی ساختەدا، یان **فەلسەفەلێدانێکی پووچە**. دووەمیان، بیروباوەڕی گرووپێک بوو کە پێیاندەوترا مارکسییە شیکارییەکان(analytic marxist). هەندێکیان ساڵانێک لەوەو پێش کۆمەڵێک تیشێرتی وەرزشیان دەپۆشی کە ئەم درووشمەی لەسەر نوسرابوو: «مارکسیزم بەبێ هەڵیت‌وپڵیت».

جێی باسە، ماتریالیستە مێژووییەکان بەزەروورەت کەسانی ئاتەیست نین، سەیر ئەوەیە خۆیشیان زۆرێکیان لەم خاڵە بێئاگان. گەرچی زۆرێکیان، هیچ بڕوایەکی دینییان نیە، بەگشتی ناتوانن ئەو جیاکارییە بکەن کە پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان ماتریالیستبوون و ئاتەیستبووندا نیە. [واتە مەرج نیە هەموو مولحیدێک ماتریالیست بێت و هەموو ماتریالیستێکیش مولحید بێت]. ماتریاڵیزمی مێژوویی، دۆزێکی ئۆنتۆلۆژی نیە. ناڵێت هەموو شت لە مادە پێکهاتووە و بەم شێوەیە خودا وێنایەکی پووچە. **تیۆرێکیش نیە دەربارەی هەموو شت،** بەو جۆرەی وا ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی خنەخنی بۆ دەکات. شتێکی خێرا و دەمودەستی نیە ئەندامی بینایی بیلێت، یان دەربارەی شێوازی لێنانی خێرای سوفلەی برژاو. بانگەشە و پرۆپۆزەلێکی خاکەڕاترە، بانگەشەیەکە کە ململانێی چینایەتی بەتەنیشت جۆرێک ناکۆکیی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دادەنێت، و بە هێزێکی بزوێنەری گۆڕانە چارەنووسسازە مێژووییەکانی دەزانێت. لە زیمندا، چالاکییە مادییەکانی ژنانوپیاوان بە سەرچاوەی بوونی کۆمەڵایەتیی ئەوان دادەنێت، ڕوانگەیەکە لە مارکسیزمدا قەتیسنابێت. هیچ هۆیەک نیە بۆ ئەوەی جوولەکەیەکی دینیی وەک واڵتەر بنیامین یان خۆبەختکردوویەکی تیۆلۆژیای ڕزگاریی مەسیحی، ئەم جۆرە تێڕوانینە قبوڵنەکات. مارکسیی ئیسلامیشمان هەبووە. لەڕووی تیۆرییەوە، قەیناکە ئارامت لەبەر بڕابێت چاوەڕێی سەرکەوتنی حەتمیی پرۆلیتاریا بکەیت و هاوکاتیش ڕۆژی چەند کاتژمێرێک لەبەرامبەر پەیکەرەکەی مەریەمی موقەدەسدا بکەویتە سەر ئەژنۆ. بەڵام هەروا بەئاسانییش ناتوانین باوەڕ بەوە بێنین جگە لە

ماده هیچی تر بوونی نیە، و هاوکاتیش بڕوات بە فریشتەیەکی وەک جوبرەئیل هەبێت.

هەندێ کەس بانگەشەی ئەوەیان کردووە ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی سەر بە ڕەوتێکی ماتریاڵیزمی ژینباوەڕە کە لە دیموکرێتۆس و ئەپیکۆرەوە تا سپێنۆزا و شیڵینگ و نیچە و بێرگسۆن و بلۆخ و دۆلۆز و گرووپێکی تری بیرمەندان درێژدەبێتەوە. یەکێک لە سودەکانی ئەم ئاراستە فیکرییە ئەوەیە کە جێیەک بۆ ڕۆحیش دەهێڵێتەوە بەبێ ئەو بەدناوییەی بڕوابوون بە دووانەیی ڕۆح و لەش، چونکە ڕۆح لە فۆرمی ژیان یان ئینێرژیدا، ئاخنراوە لە مادە خۆی. دیارە سەرکۆنەی ئەم تێڕوانینەیان کردووە وەک جۆرێک لە ناعەقڵانیەت. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، واقیع خز و ناجێگیرە و هەمووەدەم لە خۆگۆڕیندایە، زەینیش کە بەزۆری جیهان بەپێی هەندێک کاتیگۆریی تاڕادەیەک زل و دەڵب دابەشدەکات، بەسەختی دەتوانێت لەم گۆڕانە بەردەوامە بەئاگابێتەوە. ئاگایی، هێزێکە هێند خاووخلیچکە ناتوانێت لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی **سرووشت**دا خۆی ڕابێنێت. ڕۆژانێک هەبوون زەین پێشی سرەوتی مادەی دەدایەوە، بەڵام هەنوکە مادە شتێکی جیوەئاسایە و پێشی زەین دەداتەوە.

هەندێ لە ڕەوتە ژینباوەڕەکان، مادە وەک شتێکی ئەثیری(خەیاڵئاسا) و ئایدیاڵی سەیردەکەن، بۆیە لەم ڕووەوە لەبەردەم ئەو مەترسییەدان مەسەلەکە دیزەبەدەرخۆنە بکەن و ڕوو لە تۆپەڵی سەرکێشی مادە وەرگێڕن. مادە لەم ڕوانگە بێمەترسییەوە، شتێکی زیانبەخش نیە-شتێک کە نەخشەکانمان دەداتە دەم

ئاوەوە و ئامانجەکانیشمان ناکام دێڵێتەوە-، بەڵکو هەڵگری ناسکونیانی و کێشهاتنەوەی ڕۆحە. ئەمە شێوازێکی سەیروسەمەرەی ماتریاڵیزمی بێمادەیە. وەکچۆن سلاڤۆی ژیژەکیش ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەی پێیدەوترێت ماتریاڵیزمی نوێ، برەو بەم ڕوانگەیە دەدات:

**بەو مانایە ماتریالیستییە کە دەتوانین سەرزەمینی ناوینی تۆڵکین، سەرزەمینێکی ماتریالیستییە: دونیایەکی ئەفسووناوی و لێوانلێو لە هێزی جادوویی، ڕۆحی پاک و پیس، و هتد. بەڵام شێوەیەکی سەیریش خاڵی لە خودا: هیچ بوونێکی خوداییانەی بڵند لە دونیاکەی تۆڵکیندا بوونی نیە، هەر جادوویەک لە هەناوی مادە خۆیدایە، ئەویش وەک هێزێکی ڕۆحانی کە نیشتەجێی دونیا مادییەکەی ئێمە بووە[6].**

هەروەکو دیدی تۆڵکین، ئەمەش دیدێکی تەواو پاگانی و پێشدینییە. وەکچۆن ئیدیتۆری کۆمەڵەوتارەکانی ژێر ناونیشانی **ماتریاڵیزمی نوێ** دەنوسێت: «مادە، هەمیشە شتێکە زیاترە لە مادەی "ڕووت": جۆرێک لە زیادە، هێز، زیندووێتیی ژیان، پەیوەندیداری، یان ئەو جیاوازییەی وا مادە دەکاتە شتێکی چالاک و خۆئەفرێنەر و بەرهەمهێن و پێشبینینەکراو». وتارێکی تری ناو هەمان کۆمەڵەوتار بەم جۆرە وەسفی مادە دەکات: «پرەنسیپێکی ژینەکی و ژینبەخش، کە لە هەناوی داهێنانەکانماندا جێی خۆی خۆشدەکات». هەر ئەمەش

---

6 Absolute Recoil: Towards A New Foundation Of Dialectical Materialism: slavoy zizek.

شانوشکۆیەکی میتافیزیکیی پێ دەبەخشێت. یەکێکی تر لە نوسەرانی نێو ئەم بەرگەی وتارەکان دەنوسێت: «تێگەیشتنێکی هەڵوەشانەوەگەرانە بۆ ماتریالیتە، گوزارشتە لە هێزێکی مەحاڵ کە هێشتاش لە نەزمە مومکینەکەی ئێستادا ناتوانین پێیبگەین». ئەوەتا ماتریاڵیزم بەهۆی وشەیەکی دێرێدایی و ڕۆژەڤی وەک مەحاڵ(impossible)ــەوە، وادیارە بەخێرایی بەئاراستەی شتێکی دەرەوەسفدا دەڕوات کە تەنیا بەشێوەیەکی نەرێنی قابیلی دەسپیاگەیشتنە. ڕەی چو، داوای «ماتریاڵیزمێک دەکات کە هەموارکراوە و لەسەرەتادا وەک پرۆسەی دەلالەت و سوبێکتێکی نێو پرۆسە[ــی بەسوبێکتبوون]» پێناسەدەکرێت. ئەمە پتر لەوە دەچێت کە ئایدیای هەموارکراوی کەرکەدەنێک لەسەرەتادا بە کەروێشکێک بزانین. بۆچی دەبێت «پرۆسەی دەلالەت و سوبێکتی نێو پرۆسە[ــی بەسوبێکتبوون]» بە نمونەی باڵای ماتریاڵیزم بزانین؟

بەکورتییەکەی، دەبێت مادە لەو سوکایەتییە ڕزگاربکرێت کە پێیدەکرێت، واتە لە سوکایەتیی بەمادەبوون. لەبری ئەوە، دەبێت مادە بە جۆرێک لە ماتریالیتەی بێجەوهەر، شلۆک و ڕەنگاوڕەنگ بزانین، شتێکی وەک تێگەیشتنی پۆستبونیادگەرەکان بۆ تێکستوالیتە(دەقێتی). مادەش وەکو دەقێتی وایە، ئەویش ناکۆتا، بێخەسڵەت، پێشبینینەکراو، پۆلپۆلنەکراو، مەلۆک و پەرشوبڵاو، ناچوونیەک و دژەکۆیەتییە. ئیریک سانتنەر، لەجێی خۆیدا، ئەم مەسەلەیە بە «فرەکەلتوری لە ئاستی خانەییدا» وەسفدەکات. لە کتێبی **ماتریاڵیزمە نوێیەکان**ەوە بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو جۆرە ماتریاڵیزمەی وا لایەنگریی لێدەکات جۆرێک پۆستبونیادگەرییە لە بەرگی گورگدا. لەو جێیەی وا

بیرمەندانی وەک دێرێدا باسی "دەق" دەکەن، ماتریالیستە نوێیەکان دێن و باسی "مادە" دەکەن. لەمە بترازێت، جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینرێت.

بۆیە ڕەوتی **ماتریاڵیزمی نوێ**یش وەک زۆرێک لە داهێنانە بەرواڵەت نوێیەکان، قەت هێندەش نوێ نیە کە دەردەکەوێت. ئەم ڕەوتە لە بەدگومانیی پۆستبونیادگەریدا دەرهەق بە هیومانیزم بەشدارە- ئەو باوەڕەی وا مرۆڤەکان پێگەیەکی مومتازیان لە جیهاندا هەیە- و هەوڵدەدات ئەم دیدگایە بەهۆی سەیرکردنی هێزە ماتریاڵەکانەوە بێبایەخبکات، ئەو هێزانەی وا ژیانی سرووشتی و ژیانی مرۆیی فەرقێکی ئەوتۆی بۆیان نیە و لە هەردوو پانتاییەکەدا لەگەڕدان. بەڵام گرفتەکە لێرەدایە کە ناتوانرێت ئەوەی تایبەتە بە مرۆڤ، بەهۆی گیانپێدانەوە بەو شتانەی چواردەور بێبایەخ بکرێت. خۆ دەکرێت مادە زیندوو بێت، بەڵام بەو مانایە نا کە مرۆڤەکان زیندوون. مادە ناتوانێت نائومێد بێت، بەرتیلخۆر بێت، تاوان ئەنجامدات و زەواجبکات. ڕەنگە بە مانایەک لە ماناکان، مانگ[7] بوونەوەرێکی زیندوو بێت، بەڵام ناتوانێت فەزڵی شۆنبێرگ بدات بەسەر ستراڤینسکیدا. تەنۆلکەکانی مادە چەشنی مرۆڤەکان بە دونیای مانادا هاتوچۆناکەن. مرۆڤەکان دەتوانن مێژوویان هەبێت، بەڵام گوڵاڵەسورە و جووزەلە ناتوانن. مادە دەتوانێت خۆی کارابکات، بەڵام ئەمە جیایە لەوەی کەسێک دەگاتە ئامانجەکەی خۆی. مادە، ئامانجی نیە پێیبگات.

---

[7] Moon

گەر ژینباوەڕی(ڤیتالیزم) ئەو تێڕوانینە ڕەتدەکاتەوە گوایە مادە زبر و توندوتیژ و بێهەستە، تاڕادەیەک لەو پێناوەدایە کە بەڕواڵەت جێیەک ببەخشێتە ڕۆحە بێجەستەکان[8]. گەر جەستەی مرۆڤ تا ئاستی مێزی ناو قاوەخانەیەک کورتکەیتەوە، ئەوا ڕەنگە ئەوکات پێویستبکات گیانێکی هەستپێنەکراوی بۆ زیادکەیت تا سەر لە زۆر کاری جەستە دەربێنیت. بۆیە ماتریاڵیزمی میکانیکی زۆرئاسان دەتوانێت وەرگەڕێت بۆ پێچەوانەکەی. بەپێچەوانەی خواستە ناوەکییەکەی خۆیشیەوە، ڕێگە بکاتەوە تاکو پێگەیەکی ڕۆحیی تاقانە بۆ مرۆڤ دانێین. ژینباوەڕی مافی خۆیەتی جووتجەمسەرییە درۆیینەکەی نێوان **مادەی بەستەزمان** و **ڕۆحی نەمر** ڕەتکاتەوە، بەڵام دژایەتییەکەشی لەسەر بنەمای ئەو بانگەشەیەیە کە مادە هەمووی گیانی تیایە، بۆیە مێزی قاوەخانەکە تا ئاستی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە ژنانوپیاوان نە لە دونیا مادییەکە دابڕاون(بەو جۆرەی ماتریاڵیزمی ئایدیالیستی دەیڵێت) و نە بەتەواوییش پارچەیەکن لە مادە(بەو جۆرەی کە ماتریاڵیزمی میکانیکی دەیڵێت). خۆ لەڕاستییدا ئەوان بەشێکن لە مادە، بەڵام بەشێکن لە مادە بە مانا تایبەتەکەی. یان، بەو جۆرەی مارکس دەیڵێت، مرۆڤەکان بەشێکن لە **سرووشت**، واتە پێویستە ئەم دووانە بە دانەبڕاو سەیرنەکەین، بەڵام دەتوانین لە "پەیوەند"ی‌دا بە یەکترەوە وەریانگرین، واتە جیاوازییەکانیان دەرخەین. بڕێک لە ماتریالیستە ژینباوەڕەکان ترسیان لەوە هەیە جەختکردنەوە لەسەر جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان و باقیی سرووشت، جۆرێک لە هەرەمێتی و هیرارشیەتی هەڵاوێردکارانە بێت. بەڵام دەی

---

[8] Disembodied spirits

خۆ ژنانوپیاوان لە ژیشکەکان داهێنەرترن. لە زیمنیشدا، هەر لەبەر ئەو هۆیانەی باسمانکرد، زۆر وێرانکەرترن، وێرانکەرتر لەوەی زمان دەرەقەتی وەسفکردنی بێت. ئەو کەسانەی حاشا لە قودرەتی داهێنانی مرۆڤەکان دەکەن، ڕەنگە بکەونە ئەو داوەوە توانای وێرانکاریی مرۆڤەکانیش پشتگوێخەن.

مرۆڤەکان لە جیهانی مادییەوە هەڵدەتۆقن، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت بڵێین هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ "قارچکەمارانە"دا نیە. خۆ جیاوازن، بەڵام جیاوازییەکەیان لەویا نیە کە مرۆڤ ڕۆحی هەیە و قارچکەمارانە شتێکی مادییە، بەڵکو لەویایە کە مرۆڤەکان فۆرمێکی تایبەتی ماتریالیتەن کە پێیدەڵێین گیانەوەر(animal). لە زیمندا، پێگەیەکی تایبەتیان لە قەڵەمڕەوی حەیوانیدا هەیە کە بە مانای «باڵاتر»بوونی بێیەکودووی وان نیە. بەڵام ڕەوتی ماتریاڵیزمی نوێ، هەر قسەیەک دەربارەی سرووشتی تایبەتی مرۆڤ بکرێت، یەکسەر دەیباتەوە سەر خۆبەزلزانی یان ئایدیاڵیزم. ئەمە جۆرە پۆستمۆدێرنێکی سەر بە ماتریاڵیزمە. ئەم ڕوانگەیە بۆ هەڵهاتن لە بڕوابوون بە فەزڵی مرۆڤ بەسەر ئەفرێنراوەکانی تردا-واتە دابەشکاریی ئیفلیجکەری بوونەوەران بەسەر خەڵقەندەی مرۆیی و باقیی سرووشتدا- ئەو ڕیسکە دەنوێنێت کە جیاکاریی لەم جۆرە لە کەوڵی جۆرێک یەکسانیی گەردوونییدا یەکخات و هاوکات مادە خۆیشی بە فرەیی ببینێت. بەم شێوەیە، کاری ماتریاڵیزمی نوێ دەگاتە ڕوانینێکی قووڵ بۆ جیهان(وەک دواتریش دەیبینین) مارکس لای فۆیەرباخ دەیدۆزێتەوە و ڕەخنەیدەکات. ڕێگەی هەڵهاتن لەم ڕوانگەیە ئەوە نیە لەجیاتیی سەیرکردنی

میکانیکییانە و سرەوتووانەی هەموو شت، بێین و دینامیکی و زیندەڵ لێیان بڕوانین.

ئەگەر ماتریاڵیزمی کورتکەرەوە(کورتکردنەوەگەرا) ناتوانێت بوارێک بۆ سوبێکتی مرۆیی بکاتەوە، بەتایبەت بۆ بریکارێتیی سوبێکت، ئەوا ئەم نوسخە "نوێ"یەی دۆکترینی ماتریاڵیزمیش سەر بە هەمان حوکمە. لەکاتێکدا ماتریاڵیزمی میکانیکی بە چاوی گومانەوە سەیری بریکارێتی(بکەرێتی)ـی مرۆڤ دەکات، کەچی ماتریاڵیزمی ژینباوەڕ دەیهەوێت سەنتەرێتی لە سوبێکتی تەواو فەرمانڕەوا داماڵێت و بیبەخشێتە تۆڕێک لە هێزە مادییە ڕاگرەکانی. بەڵام بە دیقەتدان لەم هێزانە، جاروبار ناتوانێت ئەو خاڵە دەستنیشانبکات کە دەتوانین بریکارێکی خودبەڕێوەبەری مرۆیی بین بەبێ جادووی ڕزگاربوون لە هەر خەسڵەتپێدانێک. ئۆتۆنۆمیبوون، خۆوبەختی پرسێکە کە بە شێوازێکی تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتپێدانی لەم جۆرە. خەسڵەتدان بە-خۆ(self-determining)، بە واتای سڕینەوەی پەیوەستبوونمان نایەت بە دونیای چواردەورمانەوە. ڕاستییەکەی، تەنیا لەڕێگەی پەیوەستبوونەوەیە(بۆنمونە بەو کەسانەوە وا بەخێوماندەکەن) دەتوانین لە هەنگاوی یەکەمدا بگەینە پلەیەک لە سەربەخۆیی. سوبێکتی ئۆتۆنۆم، کە بەشێکی گەورەی فیکری پۆستمۆدێرن پێکدێنێت، داهۆڵە. ئازادبوون لە هەر خەسڵەتپێدانێک، هەرگیز ئازادی نیە. گەر کەسێک لەڕووی تویێکارییەوە قاچوقولێکی بەهێزی نەبێت بکرێت پشت بە فرمانە پێشبینیکراوەکەی ببەستیت، ئیتر چۆن دەتوانێت ئازاد بێت لەوەی گۆڵ بۆ ڕیاڵمەدرید بکات؟

له کتێبی *ماتریاڵیزمی نوێ*دا، وەک زۆرینەی فۆرمەکانی ژینباوەڕی، زاراوەگەلی وەک ژیان(life) و وزە(energy) لە تەمومژی نێوان وەسفکردن و پوختکردنەوەدا دەژین. نوسەرانیش وێڕای دەستنیشانکردنی هەندێ هێزی دینامیکی، زۆرجار بەهایان بۆ دادەنێن، ئەمە سەرباری ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەک هەر دەرکەوتەیەکی ژیان و هێز و ئینێرژی مایەی ستایش نیە. هەر جۆرە دینامیزمێک قابیلی پیاهەڵگوتن نیە، شایەتییش بۆ ئەمە سەرۆکایەتییەکەی دۆناڵد ترەمپە. ئەو ڕوانگەیەی وا مادە بە شتێکی گۆڕاو و فرەیی و پرژوبڵاو دادەنێت، دەشتوانێت بێزاریی خۆی دەرهەق بە "سنورداركردن"ـی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان بخولقێنێت. بەم شێوەیە، ماتریاڵیزمی نوێ و ئەنتیمارکسیزم شتێکی ئەوتۆیان فەرق نیە.

دەتوانین هەندێک لە کەموکورتییەکانی ژینباوەڕی(vitalism) لە فیکری ژیل دۆلۆزدا بەدیبکەین، میتافیزیسیەنێکی پڕاوپڕە کە بوون بە ئەفراندنێکی خۆنشین دادەنێت کە هەم ناکۆتایە و هەم موتڵەقیش، باڵاترین دەرکەوتە و مانیفێستبوونیشی بریتییە لە بیری پەتی. لە دونیا گنۆسییەکەی دۆلۆزدا لە کتێبەکانی وەک *لۆژیکی مانا، ئەنتیئۆدیب و جیاوازی و دووبارەبوونەوە*دا سوبێکتەکان، جەستەکان، ئەندامەکان، بریکارەکان، گوتارەکان، مێژووەکان و دەزگاکان-لەڕاستییدا کردەکێتی وەک ئەوەی هەیە- هەڕەشەیەکن بۆ سەر ئەم هێزە نوستوو و ناکۆتایە، تاڕادەیەکیش هاوشێوەی ئەم باوەڕە تەقلیدییە کە جەستە زیندانی ڕۆحە. دۆلۆز بەزۆری دیدێکی نێگەتیڤانەی بۆ *سنورداڕێتی* هەبوو، دیدێک کە بەجوانی دەرخەری ئەو ئایدۆلۆژیا بازاڕپەرستەیە کە هەر خۆی

لە جێی تردا ڕەخنەیدەکات و بە کێشەی دەزانێت؟ مێژوو، ئەخلاق، یاسا، خاوەنداریێتی، پانتایی(قەڵەمڕەو)، دەلالەت، کار، خێزان، سوبێکتیڤیتە، سێکسوالیتەی ڕۆژانە و ڕێکخستنی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک کەمتازۆر کۆمەڵێک دەسەڵاتی نۆرمساز و نەزۆککەر و ڕێسابەخش و داگیرکەرن، وەکچۆن میشێل فۆکۆ ستایشی دۆڵۆزی دەکرد، تێکڕا باوەڕێکی وای هەبوو. [بەپێی دۆڵۆز] دەبوو بە چاوی گومانەوە سەیری هەریەکە لەمانە بکەیت: یەکێتی، ئەبستراکتبوون، نێوانگری، دەلالەت، پەیوەندیداری، ناوەکیبوون، تەفسیر، نواندنەوە، نیەتمەندی و گونجان.

لە دیدی ڕۆشنگەرێکی لەخۆنامۆوە، شتێکی بنیاتنەر لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەدا نادۆزرێتەوە. بەڵام بڕێک تێز و یاسا، هەندێک ئەنتیتێزی سواومان پێشکەشدەکات لەنێوان پرسە ژینەکییە ئەفرێنەرە ئارەزووکەرە دینامیکییەکان(کە دەبێت بێ ئەملاولا قبوڵیکەین) و قەڵەمڕەوی سەرکوتکەری فۆرمە مادییە سەقانگیرەکان(کە پێویستە بەشێوەیەکی زیمنی بەشەیتانیی بکەین). ژینباوەڕییە گەردوونییەکەی دۆڵۆز، بەشێوەیەکی دوژمنکارانە، ژینباوەڕییەکی دژەماتریالیستییە. «ژیان» هێزێکی ئەثیری و گەلەک ناسکە، ڕاشکاوانە باکی بەو بوونەوەرە جەستەمەندانە نیە کە ناویان مرۆڤە، ئەو مرۆڤانەی وا باڵاترین دەسکەوتیان ئەوەیە خۆیان لە دیوە جەستەییەکەیان دابڕن تاکو وەرگەڕێن بۆ ڕێڕەوی کێشهاتووی ئەو توانا ڕەقوسەرسەختە. پرسە سەرەکییەکە ئەوەیە چۆنچۆنی دەتوانین لە شەڕ و سەرێشەی خۆمان دەرباز بین. کاتێک هەندێک لە ستایشکارانی بەشێکی فیکری دۆڵۆز شتانێکی وەها لە نوسینەکانی

دی.ئێچ.لۆرانسدا و له بەرگێکی ساختەدا دەبیننەوە، ئیدی بێئەوەی بە هەند وەریگرن ڕەتیدەکەنەوە.

کەواتە ئەوەی دەیخەنە بەر لوتمان، فەلسەفەیەکی ڕۆمانتیک و ئیختیارگەرایە کە لەسەر بەڵێگۆییەکی جلەوبڕ و نوێگەرییەکی پەیتاپەیتا بەندە، وەکبڵێی پرسی ئەفرێنەر و نوێگەر بەبێ چۆنوچلۆن عایدی فریشتەکان بووە. ئەمە دونیایەکە بەبێ نوخسانی و کەموکووڕی، بێباکیش لە داڕووخان و تراژیدیا. بوون(Being)، هاوبەشییەکی مەعنەوییە و بە مانایەک لە ماناکان بەسەر هەموو بوونەوەراندا باردەکرێت، لەم سۆنگەیەوە هەر شتێک بۆخۆی ڕوویەکی خودایە، یان دیوێکە لە هێزی ژیان. لەئاکامیشدا مرۆڤەکان بۆ ئاستێکی نیچمەخودایی هەڵدەکێشرێن بەڵام دواجار خوداش دیوە بڵند و موتەعالەکەی خۆی لەدەستدەدات و تێکەڵ بە واقیعە مادییەکە دەبێت، وەکچۆن لای سپێنۆزای پێشەوای دۆڵۆزیش هەر دەیبینین. ئەوەی کە هایدگەر بە هەڵەی زەقی میتافیزیکی دایدەنێت ئەوەیە **بوون** والێدەکات لاسایی **بوونەوەران** بکاتەوە(و مۆدێلی خۆی لەوانەوە وەربگرێت)، بەجۆرێک کە خودا لەسەر ستایلی بتپەرستان وەردەگەڕێت بۆ سوپەر ئۆبێکتێکی هەمەتوانا. بەدەر لەمە، گەر ئێمە هەموومان بەشێکین لە خوایەکی سرووشتیی خۆنشین، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەتوانین بەهۆی ناسینی خۆمانەوە بگەین بە واقیعی موتڵەق، چونکە ئەوە موتڵەقە وا لە هەناوی ئێمەدا بیردەکاتەوە و هەستدەنوێنێت. من تەنیا بەهۆی سووسە و شهودە تایبەتەکانی خۆمەوە، دەتوانم بگەم بە ناسینی حەقیقەت.

جا ڕوانگەیەکی لەم جۆرە، هەر هەڵێنجانێکی سیاسیی لەپشتەوە بێت، مسۆگەرە هیچ فرێکی بەسەر ڕادیکالیزمەوە نیە، گەرچی باسەکانی نێو ماتریاڵیزمی نوێ، خۆیان کتومت بە ڕادیکاڵ دەرخەن. بەڵام زۆر بەئاسانی دەتوانین ئەوە ببینین کە چۆن ئەم ڕوانگەیە بەتەواوی لەگەڵ ماهیەتی سەرمایەداریی پۆستپیشەسازیدا دێتەوە- لەگەڵ دونیایەکدا کە تێیدا کار و سەرمایە ماتریالیتەی خۆیان لەدەستداوە و وەرگەڕاون بۆ نیشانە، ڕەوت و هێما؛ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش شل و فرە و بێوچان لە گۆڕاندان؛ وێنەکان و لەبەرگرتنەوەکان و ڤێرچواڵیتەکانیش کاریگەری دەخەنە سەر هەر شتێک کە هێندەی ئۆبێکتە مادییەکان سادە بن. لەم کەشە ناکۆتا فۆرمگۆڕ و کشاوەدا، سەرسەختیی ڕووتی مادە جۆرێکە لە قێزەونی. کۆمەڵگای مادی خولیایەکی ئەوتۆی بۆ مادە نیە، چونکە هەردەم دەتوانێت نمرەیەک لە بەرەنگاری لەبەرامبەر ئامانجەکانیدا پیشانبدات. ماتریالیستە ژینباوەڕەکانیش هەموویان داکۆکییان لە سیاسەتی پێشکەوتنخوازانە نەدەکرد. مۆرمۆنیزم کە بەگشتی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە ڕۆشنبینترین باوەڕی دینی دانانرێت، یەکێکە لە نمونەکانی وی. لە دیدی دامەزرێنەری ئەم نەریتە دینییەوە، واتە لە چاوی جۆزێف سمیسەوە، ڕۆح تەنیا جۆرێکی پەتییتر و باڵاتری مادەیە، یان بە لێکدانەوەیەکی تر، مادەیەکی نوێکراوەیە. ماتریالیتە تا ئەو جێیەی نەتوانرێت لە ڕۆح جیاکرێتەوە، ئیدی شتێکی تەواو پەسنکراوە. ڕەوتی ماتریاڵیزمی نوێ، تا ڕادەیەک بەو مەرامە هاتەدەرێ کە جێی ڕەوتە ئەمڕۆییە بەسەرچووەکەی ماتریاڵیزمی مێژوویی بگرێتەوە. بەڵام

بەپێچەوانەی ماتریاڵیزمی مێژووییەوە، وادیارە کۆی ئاراستەکانی ناو ماتریاڵیزمی نوێ، هیچ خولیایەکیان بۆ چارەنوسی ژنانوپیاوان نیە لە دونیایەکی چەوسێنەردا.

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

جۆرەکانی تری ماتریاڵیزم، چییان پێیە بیخەنەڕوو؟ ماتریالیزمێکی کەلتورییمان هەیە کە داهێنانی ڕەخنەگری کەلتوریی بەریتانی، ڕیمۆند ولیامزە و ئاوڕ لە تاوتوێی بەرهەمە هونەرییەکان دەداتەوە لە بەستێنە مادییەکەیاندا. سەرباری ئەو هەمووە تیژبینییەی کە لەم ڕەوتەدا بەدیدەکرێت و گومان هەڵناگرن، تێناگەین چ شتێکی زیاترە لە نوسخە سیاسییەکەی کۆمەڵناسیی هونەری تەقلیدی؛ کۆمەڵناسیی هونەریش دەپەرژێتە سەر هەندێ پرسی وەک بەردەنگ، خوێنەر، دامەزراوە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و هتد...ـەکان. لە زیمندا، ماتریاڵیزمی ماناناسییشمان هەیە، ستایلێکی فیکری کە لە کۆڕوکۆمەڵە پلەبەرزە تیۆرییەکانی دەیەی حەفتادا خۆشدەویسترا و ئەمڕۆ هێند باوی نیە. ئەرگۆمێنتەکە بەو شێوەیەیە کە دالەکان مادیین(هێماکان، دەنگەکان، و هاوشێوەکانی)؛ مەدلولەکان یان ماناکان بەرهەمی گەمەی دوولایەنەی دالەکانن و بەم پێیەش مانا بنەمایەکی مادیی هەیە. وەکچۆن دواتریش بەریدەکەوین، لودڤیگ ڤیتگنشتاین، مانای بە پرسێک دادەنا کە پەیوەستە بە شێوازی کارکردنی نیشانە مادییەکانەوە لە فۆرمێکی عەمەلیی ژیاندا. گەر ژیانی نیشانەیەک لە بەکارهێنانەکەیدا نوستبێت و ئەم بەکارهێنانە بابەتێکی مادی بێت، ئەوا ئەوکات شتەکە بەو جۆرە نیە وەکبڵێی

ماناکەی لە جێیەکدا و لەپشتیەوە خۆی شاردووەتەوە، بەو جۆرەی کە لای دوالیستباوەڕێکی دیکارتی، ڕۆح لە لەشدا نوستووە. ڤیتگنشتاین، لە ***کتێبە قاوەیی و شینەکان***دا دەنوسێت: ڕاڕادەبین پێمانوابێت بەکارهێنانی نیشانەکان بەشێکی "نائۆرگانی" یان مادیی هەیە، و ڕەهەندێکی ئۆرگانی یان ڕۆحانییشی هەیە کە هەمان **مانای نیشانەکان و تێگەیشتنیانە**. بەڵام بە دیدی ئەو، ئەم دوالیزمە شتێکی درۆیینەیە. مانا پەیوەندیی بەو شتەوە هەیە کە ئێمە بەهۆی نیشانەکانەوە بەدەستیدەهێنین، پەیوەندیی بە شێوازی بەگەڕخستنی نیشانەکانەوە هەیە لە فەزای گشتی‌دا لەپێناوی گەیشتن بە کۆمەڵێک مەبەستی تایبەت. ماناش هەر هێندەی بەکارهێنانی سەرقاپکەرەوەیەک نادیارە. تێگەیشتن، بریتییە لە دەستڕەنگینییەکی زۆر لە تەکنیکێکدا، **بۆیەشە فۆرمێکە لە کردار**.

بنەچەی ماتریاڵیزمی ماناناسی، وەک زۆرێک لە بیروبۆچوونە بەڕواڵەت مۆدێرنەکان، دەگەڕێتەوە سەردەمانی کۆن. دەبێت لە نوسینەکانی مارکسیشدا شوێنپێی هەڵگرین، ئەوەی کە لە دیدی ئەوەوە «ڕەگەزی بیرکردنەوە خۆی، ڕەگەزی تەجەلای زیندووی تێفکرین-واتە زمان- ماهیەتی هەستەکییە». مادە (هێماکان، دەنگەکان و هاوشێوەکانی)، ئەفرێنەری مانایە.

مارکس لە *ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی*دا، باسی زمان دەکات وەک شتێک کە جیاکاریی نێوان مادە و ڕۆح هەڵدەگرێت و وەک دواتریش دێتەڕێمان، دەرهەق بە جەستەش هەر ڕاست دەردەچێت. وی بە تانە و توانجەوە گاڵتەیەکی حەسرەتئامێزانە بەو ئایدیالیستە فەلسەفییانە دەکات کە چۆن «"ڕۆح" لەسەرەتاوە

بەدەست "لەکۆڵنان"ـی تەوقی نەفرەتی مادەوە دەناڵێنێت کە لێرەدا لە کەوڵی چینگەلی پڕ شەپۆلانی هەوا و دەنگەکان و بەکورتییەکەی لە بەرگی زماندا دەردەکەوێت». «ناڵین»، «نەفرەت»، «لەکۆڵنان»: مارکس لێرەدا بە زمانە داشۆرینئامێزەکەی جۆناتان سویفت دەنوسێت و واخۆی دەنوێنێت لەشە مادییە نزمەکەی مرۆڤ، سافێتییەکەی مانای وی دەڕووشێنێت. ئاخۆ چەمکگەلێکی درێژی وەک "بوونی بەرز" یان "فۆرمە باڵاکان" لە شێوەی چینی پڕشەپۆلانی هەوادا بەرەو لای مە نایەن؟ ئاخۆ پێگەی وان هێند بەرز نیە کە بوونیان منەتی بە دەنگ یان نوسین نەبێت؟ ئەوە چ ڕازێکە هێڵە ڕەشەکانی سەر کاغەزی سپی، گوزارشت لە تێڕوانین و خولیا و ئارەزووەکانی مرۆڤ دەکات؟

مارکس بەم جۆرە لەسەری دەڕوات: «زمان خۆی هێندەی ئاگایی کۆنە. زمان ئاگاییەکی پراکتیکییە کە بۆ ئەوانیتریش هەیە، و ڕێک لێرەشەوە بۆ خودی خۆم هەیە: زمان، هەروەکو ئاگایی، تەنیا لە پێویستی و زەرووڕەتی تێکەڵبوونی ئەوانیترەوە سەرچاوەدەگرێت». گەر ڤیتگنشتاین، وەک دەشیبینین، کە جەخت لەسەر تایبەتمەندیی گشتیی زمان و پەیوەندییشی بە باقیی بوونە مادییەکەمانەوە دەکاتەوە، ئەوا مارکس، گەرچی کورتتر ئەمە دەکات، بەڵام زووتر چووەتە پیریی خاڵەکانی ئەوەوە. گەر زمان ئاگاییەکی پراکتیکی بێت، و گەر ئەو نیشانانەشی وا درووستیدەکەن مادی بن، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەتوانین بەتەواوی قسە لەسەر مادییەتی ئاگایی بکەین. تەنیا مەسەلەکە ئەوەیە کە مەبەستەکەی مارکس لە مادیەتی ئاگایی ئەوە نیە وا زۆرجار دەمارناسیی هاوچەرخ مەبەستێتی.

زمان ئیشی هیچ تاقەکەسێک نیە، بەو ڕادەیەی کە ئەم مۆرکە مرۆییەی ئێمە سیمایەکی نەناسراوی سەیری هەیە. زمان کەشێکە تێیدا وەبارهاتووین، نەک ئەوەی داراییەکی شەخسی بێت. لەپێشترین شاعیران بەهۆی بەکارهێنانی زاراوەگەلێکەوە کە مرۆڤەکانی تر هەزاران جاری تر بەکاریانهێناوە، بەشێوەیەکی سەرەکی هێشتاش هەر دەتوانن دەمودەنگ ببەخشنە هەستەکانیان. هەڵبەت وشەسازیی تازەشمان هەیە، بەڵام ئەمانە تەنیا لە چوارچێوەی ماناگەلێکی پێشوەخت ئامادەدا، ماناوەردەگرن. بۆیە بەر ئەم پرسە هەڤدژە ماتریالیستییە دەکەوین کە مرۆڤ لە نامرۆڤەوە زاوە. دیارە زمان لە هەندێ ڕووەوە داهێنانێکی مرۆییە. بەڵام بە هێزێکی دەستڕۆیشتووەوە لەسەر شانمان دەنیشێت. زمان هێندەی چارەنووسمانە، پانتایی ئەفراندنیشە. ئەمە دەربارەی شتەکانی تری جیا لە زمانیش هەر ڕاستە. ئێمەش بەرهەمی مێژوو، وەرەسە، تۆڕە خزمایەتییەکان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسە نەستەکییەکانین. هەڵبژاردنی ئەمانە بەزۆری لە دەستی ئێمەدا نیە. ئەمانە وەک کۆمەڵێک دەسەڵاتی ناکەسی، قورسایی خۆیان بەسەر ئەستۆمانەوە جێدەهێڵن، ئیدی واشیدانێ گەر ڕەگەکەیان هەڵکۆڵیت دەردەکەوێت دەستکردی مرۆڤن(دیارە بایۆلۆژیای لێدەرچێت). بۆیە سوبێکتی مرۆیی هەمیشە بە ڕێژەیەک لە ڕێژەکان بە خۆی نامۆیە، بەرهەم و بەرهەڤی دەستی کۆمەڵێک دەسەڵاتە کە سوبێکت ناتوانێت جڵەویانبکات، سوبێکتیش دۆخێکی وای هەیە کە بەشێکە لە بەسەرهاتی ماتریالیستی. ئەوە ئایدیاڵیزمە بە سوبێکت دەستپێدەکات، وەکبڵێی سوبێکت زادەی خۆیەتی(لە خۆیەوە لەدایکدەبێت)، بەم چەشنەش ناتوانێت لە پێشسوبێکتەوە دەستپێبکات

[واتە ناتوانێت لەو دۆخە ماتریالییانەوە دەستپێبکات کە دواتر سوبێکت وەک دەرەنجامێکی مادی و زەمینی دەخولقێنن].